# پیاوێکی ئاوس

حه لیم یوسف

لە کورمانجی ژوورینەوە: سەلاحەدین بایەزیدی

کەنگێ ڕوی دا؟
کەس نازانێ. کت و پڕ بنێشتە سوۆراخی نەما. دەتگووت ئاسمان زاری کردۆتەوە و قووتی داوە. هەزاران قسەی لەپاش هە بەسترا. یەکێك لەم گوندە نزیکانە دەیگووت:
ــ بەچاوی خۆم بینیم. لە ئۆتۆمبیلێکی خۆ ەمێشیدا پا ی دابۆوە. خێرا بەبەر دەممدا تێپەری.
یەکێکی تر دەیگووت گەلە گورگ پەیدا بوون. گورگەکانیش ئیتر مەر و کەر ناخۆن، بە کو تەماحیان لە مرۆڤەکان کردووەو لەوانەیە بنێشتە یەکەمین قوربانی بێت. هەندێکی دیکەش پێیان وابوو لە بەر ئەم وشکەسا یە سەری خۆی هە گرتووەو چۆتە شوێنێك خودا نەبێ کەس نازانێ. یەکێکی تریش دەیگووت خۆی گەیاندۆتە ئەو شۆرشگێرانەی لەسەر چیاکان دەجەنگن. یەکێکی دیکە سوێندو قورئانی دەخوارد هاورێیەکی ڕۆژێك لەمەوبەر بنێشەی لە کونجی بەندیخانەدا بینیوە، زۆر درەنگ، کاتێك بردبوویانە ئاودەستی بەندیخانە ناسیبووی. یەکێك دەیگووت کوژراوەو لە چۆلەوانی نێژراوە. خۆی کوشتوە یان بە زیندوویی چۆتە ناو گۆر تاکوو لە تەشقە ەو ئەو هەموو بویەرە بێ سەروبەرە ڕزگاری بێت. شەپۆلی قسەوبلس خۆیان بەیەکتر دادەدا. بە ام گەرانەوەی کتوپری بنێشتە ئاگری ئەم قسانەی خامۆش کرد. بنێشتە هاتەوە گوندەکەمان. خە کی لەدەوروبەری نیگا بێ تین و ساردەکەی کۆبوونەوە. لەزۆربەی زۆریان سەری سورمابوو. ڕیگەی خستە ما ی مامی، هەر شەش منا ەکەی ڕاموسی و لەباوەشی کردن. وەك چیایەك لەبێدەنگی گێژی دەخوارد. بەتورەیی ڕووی کردە ماموژنەکەی:
ــ پێم مە ی لە کوێ بووم؟ پاشان خۆم هەموو شتێکت موو بەموو بۆ دەگێرمەوە. ئەی مامم کوانێ؟
ــ لە مەلا بانگدانێوە جووت دەکات.
ــ لەسەر خاکی کێ؟
ــ خاکی ئەوان.
ــ هاااااا!!!
هەر کەس دەیزانی بنێشتە ڕازەکانی نادرکێنێ. هیچ شتێك بە کەس نا ێت. منا ەکانی بەرێ کردەوە ما ی خۆیان. ئەوە نۆ مانگ و پێنج ڕۆژە ما ەکەی چۆل و هۆلە. پاش گەرانەوەی تەنیایەکی زیاتر ئابلۆقەی دا.
دانیشتوانی "کەرمانۆ" گشتییان پەی بەم ڕاستییە دەبەن. بنێشتە گۆرابوو، ببوە کەسێکی تر. بەتایبەت پاش کۆچی دوایی "نۆفا"ی خێزانی. لەسەر خەرمانی نزیك ما ەکەیان دوای ئەوەی لەلایەن بیانییەکانەوە زەوت کرا، بەپێیەوە مرد. هەر ئەو بیانییانە ماوەیەك لەمەوبەر دەستیان بەسەر خاکەکانی دەوروبەری گوند داگرتبوو. کەچی هێشتا چاویان تێر نەببوو. بێ پرس و ڕا دەستیان بەسەر شتەکان دادەگرت. پا پشت بەکەسێکی بەهێز، خاك و ئاسمان و چاندن و پشیلە و با ندە و "با" بوو بە مو کی ئەوان. ئەو ڕۆژە ژاوەژاو کەوتبوە گوند. خە ك لەمو کەکانیان دەترسان. پا یان بەدیوارە قورینەکانیانەوە دابوو و خۆیان بێدەنگ و مت کردبوو. قەت بنێشتە بەخەیا یدا نەهاتبوو بیانییەکان دەست بەسەر خەرمانەکەی دابگرن. بەخۆی دەگووت: دوێنێ خاکەکەیان برد، ئێمرۆ خەرمان، سبەینێش نۆرەی ما ەکەمە. دەستی دایە تەورەکەی و ویستی شا اویان بۆ بەرێت، کەچی کاتێك خۆی بەتەنیا دیت، گەرایەوە. تەنیا بوو لەبەرامبەر تەراکتۆرو ئاژە ە ئاسنینە گەورە و گچکەکان. بەدەرکەوتنی، "دۆگۆڵ"ی جیرانیان بەسەریدا قیژاندبووی:
ــ لەسەر گونی خۆت دانیشتنی باشترە بنێشە.
وەك ژیریکی بەئەزموون دەیگوت:
ــ بەکورتی، کێ لینگی دایکمان بەرز بکاتەوە، ئەو باوکمانە.
بنێشتە پشتی لە پرتەوبۆ ەی دۆگۆڵ کرد. بەدڵ ناسکی و خۆشەویستی لە ژنەکەی دەروانی. فەقیرە ژنەکەی شەوو ڕۆژ ئیشی دەکردو منداڵ وەکو گو ی ژاکاو بەدەوروبەریدا هاتوچۆیان بوو. لەپرا جەستەی وشك هە گەرا. تەنیا با بوو لە داوێنەکەی دەدا و دەیلەراندەوە. لەو مەیدانەدا نۆفا وەك نەمامێکی بەرز بێدەنگ مابوو. بنێشتە حەپەسابوو. لێی نزیك دەبۆوە، دەستی لە قاچی دەدا: "نۆفا.. نۆفا". چاوەکانی لەدوور ڕادەمان. ئاو لەقورگیدا وشك ببوو و زمانی لە لای ڕاستی زاریدا ڕەق ببوو. هەر دووك دەستی شۆر ببۆوە، دەتگووت لەبەردەم سەرلەشکەرێك ڕاوەستاوە. دەستی لەسەر مەمکی چەپی دانا: "نۆفا.. نۆفا"، وە ام نەبوو. منداڵ لێی کۆ ببوونەوە. زریکەیەك لە بنێشتە بەرز بۆوە. ئاسمان خەریك بوو بدرێ و کوڵڵەی مەرگی لێ بباری.. نۆفاااااا.. خە ك لەدەوری جەستە بەردینەکەی ئاپۆرایان بەست. لەسەر عەرز درێژیان کرد. ویستیان چاوەکانی ببەستن. نەیانتوانی. پیرەژنەکان نەیانتوانی جلەکانی لەبەر داکەنن و بیشۆرن. نەیانتوانی چۆکەکانی بنوشتێننەوە. هەر بەمجۆرە بەخاکیان سپارد. شیخ تەناف شێخی بەناوبانگی کەرمانۆ، کە نەخۆش لە هەموو لایەکەوە دێنە کنی: فەتوای دابوو.
دەرو دراوسێ بەگا تە دەیانگووت:
ــ شوکور بۆ خوا کە شێخ لە خۆمانە.

لەمڕۆژەوە بنێشتە وەزعی گۆڕا. ڕوخساری ڕەنگی جارانی نەما. خەڵکی گوند هەموو دەیانزانی کە خێزانی دڵی ڕاوەستاوەو بەفەرمانی خودا مردووە. بنێشتە ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ پەیوەندی زیاتر لەگەڵ خەڵك دەپچڕا و نەیدەتوانی وەك جاران بەردەوام بێ. نەیدەتوانی بەشداری کوڕو کۆبوونەوەی شەوانی زستان بێت، وەك جاران تا دەنگی کەڵەشێری بەیانی یاری وەرق بکەن یان هەندێ جار تا نوێژی نیوەڕۆ. زۆر بەکەمی دەچووە میوانی، خەڵکیش خۆیان لێ دوور دەگرت. زۆر جار میوانی نەناسراو دەهاتنە سەردانی، قسە قسەی دێنا. دۆگۆڵ مەراقی دەکرد بزانێت ئاخۆ چ شتێك دەگوترێ. جارێك پێیانی گوت:
ـ ئەرێ بەخوا، بەڵکو پێغەمبەریش سەری سوڕمابا.
ـ باشە بۆ.. ئاقڵینە!
ـ ئەوەنێ دەڵێن "ماڵی جیران بەر لەماڵی مرۆڤ دێت"، ئەوەش جیرانی من بنێشتە..
ئێستاش پاش گەڕانەوەی، دۆگۆڵ بەر لەهەر کەس ئاوسانی زگی جیرانەکەیانی هەست پێ کردبوو. زگی بنێشە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیدەتر هەڵدەمسا.
ویستی پرسیاری لێ بکات:
ـ چ بووە جیران؟
ـ هیچ.. هیچ ڕووی نەداوە.
ـ بەڵام وادیارە تۆ نەخۆشی.
ـ نا... لەوانەیە قەڵەو بوو بێتم یاخود...
ڕووی کردبۆوە ئەو چۆمەی بەناو گونددا تێدەپەڕی. زیخ و بەردی بۆ بژیوی منداڵەکان کۆکردبۆوە. ئەو منداڵە سەرخڕ و بچووکانەی برسێتی شوێنەواری سمی لەسەر ورگ و ڕوخساریان بەجێهێشتبوو. قەرتاڵە ڕەشەکەی پڕ کرد لەبەرد. بەکۆڵی دادا. جەستەی هەموو خوێناوی بوو. دەتگووت خوێن لە پێستی دەبارێت. زگە هەڵمساوەکەی ترسێکی گەورەی خستبوە دڵی. سەری قامکی لەسەر زگی دەسوڕاند. دەتگوت شتێك لەژێر ناوکی جوڵەجوڵێتی... دەڵێی ئاوسم، ئەوە چییە؟
ـ ئەگەر خەڵك هەستی پێ بکات چی... بەڕاستی هەرگیز بیرم لەشتێکی وەها نەکردبۆوە..
قەرتاڵەکەی لەدەست کەوتبوە خوارێ. بەردەکان پەرش و بڵاو ببوون. دەستی بەدەم و چاوی دادێنا، نەوەکوو چاوەکانی بیخاپێنن. بێ ئەوەی هەست بکات، خۆی لە ژوورەکەی خۆیدا بینی. دەرگەی لەسەر خۆی پێوەدا. یەکە یەکە جلەکانی داکەند. سەری پەنجە لەرزۆکەکانی لەچەرمی زگە ڕوت و هەڵمساوەکەی خشاند. فشاری دا:
ـ ئاخ خودایە.. ئێستە چ بکەم؟
دەتگوت قالۆنچەیەکی مردوو بەر قورقوڕۆسکەی گرتووە.. بەدەنگێکی بەرز گریا. بنێشتە لەناو دەریای ترس و مەرگدا مەلەی دەکرد.
(... لەقوڵایی دڵێکی ڕەش، شیشی تیژتیژ دەردەکەون، بریسکەیان دێ. لەئاسمانەوە کێری قەڵەوو قاوەیی و ڕەش و لەت و پەت کراو دەبارێن. بەلووتیدا ڕۆدەچن، بەزاری دا. ئەم لێیان هەڵدەهات. تف بارانی دەکردن. هەناسەی بۆ نەدەدرا. دەرشایەوە، خوێن لەچاوەکانی فیچقەی دەکرد. دروی ئاسنین لەگەرووی ڕۆدەچوو. بەدەستی ژنێك، پیاوێك، سەر دەبردرا. قوڕگی ژنێکی مردوو بەچرنووکی پیاوێك هەڵدەپچڕدرا. زمانی دەجوو. پیاوێکی قەڵەوی کەوڵ خاکیی بەم دیمەنە سەرسام دەما. نێوکی پیاوێکی باریکەڵەو ڕووت دەدرا. خوێن دەهاتە دەر. دەنگی گریان لەمنداڵدان بەرز دەبۆوە. ژنەکان هەڵهەلەیان لێدەدا. پیاوەکە زا. بۆقێکی گەورەی بوو. بۆقەکە زاری دەکاتەوە. خانوو و گوندو زەوییەکان هەڵدەلوشێ. ڕەشی و تاریکی باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێ..)
بنێشتە وەك گایەکی تێر، خەوێکی قووڵ و گران بردبوویە. دەڵێی هەتا هەتایە دەخەوت ئەگەر مامی هەڵینەستاندبا:
ـ بنێشتە.. بنێشە!
بنێشتە بەلادا سوڕا. تف لەگەرووی مامی دا وشك بوو.
ـ خودایە، ئەوە بۆ وا هەڵمساوی؟
مامی لێی دەڕوانی. مێشەکان لەچاوە داهێزاوەکانی دا مەلەیان دەکرد. مامی لەبن لێویەوە گوتی:
ـ با بچینە شار. یەکێك لەو دوو گوێدرێژانە دەفرۆشم. با بچینە لای دکتۆر.
مامی دەیەویست بزانێ چی لێ بەسەر هاتووە، کەچی لەپڕ بنێشتە ڕێگەی مەراقی لێ گرت.
ـ ئەز نازانم.. نا.. زا.. نم چییان لێ کردووم. کێ وای لێکردووم. ئەز.. نا.. زا... نم.
دکتۆرەکان بەمامیان گوتبوو لەسەرەخۆو خوێن سارد بێ. دکتۆرێك لەو شارە نەما سەری لە چارەسەرکردنی هەڵنەقورتاندبێ. بەم وەزعە ڕاهاتبوون. هەر کە ڕێگەیان دەکەوتە نەخۆشخانەیەکی نەنلس، هەموو لەدەوری کۆ دەبوونەوە. وا نابێ، زگی دەدرێ، ئەگەر ئەو شتە زیادییەی لەزگی دەرنەهێنن، چونکە بواری بۆ هاتوچۆی خوێنی ناو ڕەگەکان نەهێشتۆتەوە. یەکێك لەوان دەیگووت پاش ماوەیەکی تر منداڵێکی سێ ـ چوار لاقی دەبێت.
ـ پاش چەند ڕۆژی تر دەزێ.
ئەوی تر هەندێکی خوێ پێوە دەکرد.
ـ چۆن منداڵی دەبێ، خۆ پیاو منداڵدانی نییە؟
یەکێکی دیکە لەدوورەوە هەڵیدەدایە:
ـ زارۆکێکی ئاسایی نابێ برا.
دوای ڕاوێژو دانوستان دەرمانیان دابوو بە بنێشتە. یەکێکیان دەیگووت:
ـ ئەو دەرمانە بۆ منداڵەکەی باش نییە.
بەڵام کەس گوێی نەدابوویە.
بنێشتە لەگەڵ مامە قەرزدارەکەی گەڕایەوە گوند. کیسەیەك پڕ لە شووشە و قوتو دەرمانی لەگەڵ خۆیان هێنایەوە. بنێشتە بەدزی دەرمانە تاڵەکانی دەنۆشی. بەڵام هەر کەوچکە شەربەت یاخود حەبەکەی لەزاری نزیك

دەکردەوە، خەریك بوو برشێتەوە. جار جارەش لەخەو رادەچەنی. ژانێکی گران لەزگی یان لەپشتی دەپێچاو ئامانی لێ دەبری. ڕۆژ بەڕۆژ خراپ تر دەبوو. هەتا ناچار مان لەسەر دۆشەك بیخەوێنن. خەڵکی گوند دیسان ئاپۆرایان بەست. قەرەباڵغی بەرز بۆوە. دۆگۆڵ لەهەر کەس زیاتر خۆی لەم ئاڵۆزییە وەردەدا:
ــ هەر ئێستا دکتۆرەیەك دێنم.
ئەمەی گوت و دەرکەوت.
پروپیرەژنان هەر یەکەو تەشقەڵەیەکی بەکار دێنا. یەکیان هەڵم و یەکی دیکە دووکەڵی بەریگە چارە دەزانی، یەکێك قسەی هاتەران پاتەرانی دەگوت کە خوێشی نەیدەزانی دەڵێ چی. دایکی مناڵە دوانەکان بەسەر زگە هەڵمساوەکەی دا بازی دەدا. یەکێك ئاوی گەرم دەکردەوەو رووی دەکردە ماڵی شێخ تەناف، تاکوو بەمجۆرە شێخ داڵدەی بدات و کێشەکەی چارەسەر بکات. پیرەژنێکیش دەیگووت نەخۆشەکەتان بەرنە ماڵی شێخی گەورە لە تەلمەعرووف و سەرگۆری پیاوچاکانی خودا.
بنێشتەی زگ هەڵمساو خەڵتانی ئارەق ببوو. بەهەردووك دەست سەری گرتبووو.لەعەرزی دەکوتا. لەسەر زگ دەخەوت، بەمست وەردەگەرایە دەرو دیوار. پیاوانی گوند دەست و قۆڵیان دەگرت، دەیانەویست ئەهوەنی کەنەوە. زمانی خۆی دەگەست. بەتانییەکەی لەزاری دەنا. دەستی پیاوێکی دەگرت و بەتەواوی هێز گازی دەگرت. وەها دەیقیژاند دەتگووت هەر ئێستا قورگی دەپچڕێ. دۆگۆڵیش هێشتا نەگەڕابۆوە.
سرتەو چپەی پرو پیرەژنان، زیاتر پەستیان دەکرد. دایکی مناڵە دوانەکان لەترسان زەندەقی چوو و لە ژوورەکە ڕای کرد. شێخ تەناف نەیدەوێرا نزیکی بێتەوە. تەنها و تەنها دەیگووت:
ــ هاوار ... خودایە هاوار.
دوایە بەرەو ماڵ ڕۆیشتبوو و بێزاری پیاوان و ناڵەی پیرەژنان و مناڵانی لەپاش خۆی بەجێ هێشتبوو.
بنێشتە بەحاڵەحاڵ هەستا و خۆی بەدەرگا دادا. بەراکردن دوور کەوتەوە. هەندێکیان ویستیان بیگرن، نەیانتوانی. خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی ژنەکەی مردبوو. بەهاوار خۆی گەیاندبۆوە خەرمانەکە. لەسەر قاچە پێخواسەکانی ڕاست بۆوە. بەپەلەقاژە خۆی بەخاکی خەرمانەکە دادابوو. بەهەر بیست قامکەکەی عەرزی دەکۆڵاو..
لەناو هەردووك دەستیدا سێڵاوی کرم و مار هەستابوو..
چیرۆکی ناوەکان:
1ــ بنێشتە:
ناوی خۆیەتی یان لەوانەیە پێیانەوە لکاندبێ. لەگەڵ ئەوەی کەسێکی خەڵکی گوند نەیدیتوە ڕۆژێ لەڕۆژان بنێشتی لە زار دابێت، بەڵام سەبارەت بەم ناوە زۆر شت دەگوترێ:
ــ پێوە دەنووسێ.. وەك بنێشت بەژنانەوە دەنووسێ.
ــ باریك و پشت قیتە وەك بنێشتی "چکلیس"1.
ــ بۆیە ئەو ناوەیان لێناوە، گۆیا لەباوکی خۆی نییە. پیاوێکی نەناس چەند مانگ لەگەڵ دایکی خەوتووە. دواجار کە بنێشتە لەدایك بووە، ئەو پیاوە دایکی بەجێ هێشتووە و ڕۆیشتۆتە لای ژنێکی تر.
ــ ئەو ناوەی لەخۆی ناوە چونکە دەیزانی هەتا بمێنێ دەبێتە بنێشتە خۆشکەی سەر زاری خەڵك.
ــ لەشەقامەکانی قامیشلی2 جارێك بنێشتێك بەپانتۆڵەکەیەوە نووسابوو. خەڵك بانگیان کرد "بنێشت.. بنێشت.."، ئیتر لەمەودوا بە بنێشتە ناسییان. زۆر جار لەسەر ئەم قسانە بارگرژی رووی دەدا. لەوانەیە یەکێك لەبەر ئەم قسەو باسانە دەدانی بکەوتایە ناو دەستی، یان یەکێك دەمی بەمست هەڵمسابا یاخود یەکێك قامکی شکابا، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر قسەکەی سوور دەبوو و وەك بنێشت پێوەی دەنووسا.
2ــ کەرمانۆ:
هەرکەس دەڵێ کەر لەم شوێنە، نەك لەشوێنێکی تر مانۆ بووە. کێشەی گەورەتریش لەهوندووری ئەم پرسیارە دایە:
ــ تۆ بڵێی کەر لە کوێوە هاتبێ؟
جارێك زیاتر دۆگۆڵ هەرەشەی لەو کۆڵ کێشانە کردبوو کە دانیان بە قسەکانی دانەدەنا. بۆچوونەکانی دۆگۆڵیش لەسەرچاوەیەکی بەهێزەوە دەهات. یەکێك دەیگووت:
ــ کەر لەعاموودێ3 دەرکەوتووە.
ئەوی تر سوێندی بەشیری دایکی دەخوارد کە کەر لە حەسەکە4 هاتووە. سێهەمینیان سوێندی بە ئێسك و پرووسکی شێخ دەخوارد کە کەر لە دەربێسپی5 هاتووە. بەدوای ئەویشدا کۆڵ کێشەکانی دێرك6 و گوندەکانی دەوروبەر بۆچوونی خۆیان دەردەبری.
3ــ نۆفا:
لەبنەماڵەیەکە کە زۆر پابەندی خاکن. چەند ساڵ لەمەوبەر کاتێك بیانییەکان هاتن و پارچە زەوییەکەی باوکیان داگیر کرد، سەرەتا خۆراگری کرد. سەری شکا. کەوتە بەندیخانە. پاش ئازادبوونی دوای چەند ڕۆژ مرد، ئێستەش، پاش مەرگی نۆفا و بردنی خەرمانەکەیان هەندێ دەڵێن مەرگێکی وا سەرسوڕهێنەر، تایبەتمەندییەکی ئەم بنەماڵەیە. هەندێکیش چاوەڕێی مردنی کەسانی زیندووی ئەم بنەماڵەیەن!
4ــ دۆگۆڵ:
هاوڕێی گشت فەرمانگەکانە، لەگەڵ فەرەنسییەکانیش ماوەتەوە کە ماوەیەك لێرە بوون. ئەشێ هەر بۆ ئەمەش ئەم ناوەیان لێ نابێت. هەر کە دەچێتە شار بەشداری هەموو شایی و میهرەجانەکان دەبێت.
پشتگیری گشت ئەو کەسانەی دەکرد لە کۆڵانەکان بوون. دژی کێ بێت یاخود لایەنگری کێ بێت بۆ ئەو گرنگ نەبوو. لەداوەتدا سەرچۆپی کێش بوو، دەتگوت زاوا خاڵی ئەوە. لەپرسەکانیشدا، دەنگی گریانی بەسەر دەنگی پیرەژنەکانیش دەکەوت. دەتگووت مردووەکە دایکێتی. کاتی بەروبوم دەبووە کۆڵکێش. جارجارە شۆفێر یان کرێکارێکی چێشتخانە بوو. جارێك ژنانی بوو و جارێك ئەویندار، دەبوو بە پەیامنێرو شوان. دەبوو بە وەزیری بەرگری و بەرگرێ لەگوند و ناوچەکانی دەوروبەری دەکرد.
5ــ شێخ تەناف:

شێخ محەممەد، دەرپێیەکی ژنانەی بەتەنافی جلەشۆردراوەکانەوە هەڵواسیبوو، هەر کە ژنێك هاتبایە لای بۆ دروستکردنی نوشتە یاخود بۆ دەرمانکردن یان چارەسەریی نەخۆشی قورسی منداڵە چکۆلەکەی بهاتایە، شێخ مرخی خۆی لێ خۆش دەکرد. بەئاماژەی سەر پێی دەگووت:
ــ ئەو دەرپێیە بێنە خوار.
ئەگەر دەرپێیەکەی خۆی داکەندبا ــ کە زۆرتریش وەها دەبوو ــ کەف لە زاری دادەچۆڕا. بەڵام ئەگەر ژنەکە ویستبای جنێوی پێ بدا، بەخوێن ساردی تف و نەفرینی لەشەیتانی گەمار دەکرد.
ــ مەبەستم ئەو دەرپێیەیە، ئەو دەرپێیەی لەپشت سەرت بەسەر تەنافەکەوە هەڵواسراوە، ئەرێ دایکم. خودایە لەگومانی گوناهە بمانپارێزی.
بەبێزارییەوە درێژەی بەسرتەو چپە دەدا:
ــ ئەو ژنانە چەندە دڵ پیسن. خودایە تاکوو مەرگ لەگوناحە بمانپارێزی.
ژنەکە سەری دادەخست و دەچوو. دەرۆیی و نەدەگەڕایەوە. بەڵام کاتێ ئەو فێڵەی شێخ ئاشکرا بوو، خەڵك لە بیریان چوو ناوێکی تری هەیە جگە لە شێخ تەناف.
پەراوێز:
1ـ مارکێکی بەناوبانگی بنێشتە لەسوریا.
2 و 3 و 4 و 5 و 6ـ ناوی چەند شارێکن لە رۆژئاوای کوردستان.
* حەلیم یۆسف لەچەند دێڕێکدا:
ــ ساڵی 1967 لە شاری عامودێی کوردستانی رۆژئاوا لەدایك بووە.
ــ بەرهەمەکانی بریتین لە:
1ـ پیاوێکی ئاوس ــ چیرۆك ــ 1991 ــ شام ــ بەعەرەبی.
2ــ ژنانی نهۆمە بڵندەکان ــ چیرۆك 1995 ــ بەیرووت ــ بەعەرەبی.
3ــ مردوو نانوون ــ چیرۆك 1996 ــ بەکوردی، ئەم کتێبە بەتورکیش وەرگێردراوە و بڵاو کراوەتەوە.
4ــ سۆبارتۆ ــ رۆمان.
5ــ مەمی بێ زین ــ کۆمەڵە چیرۆك.